مەشهەدانی هەڵوێستە پاڵپشتییەکانی پاپا فرانسیس بەرامبەر بە عێراق بەبیر دێنێتەوە

ئەمڕۆ دووشەممە، مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بەبۆنەی کۆچی دوایی پاپا فرانسیس، هاوخەمی خۆی دەڕبڕی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕاگەیندراوێکدا کە دەستی موتڵەع کەوتووە، بڵاویکردەوە "بە خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە هەواڵی کۆچی دوایی پاپا فرانسیسمان پێگەیشت، دوای چەندین ساڵ خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی.

ئاماژەی بەوەشکرد، "لەکاتێکدا پرسە و سەرەخۆشی قووڵی خۆمان ئاراستەی برا مەسیحییەکانمان دەکەین لە عێراق و سەرتاسەری جیهان، پێکەوە هەڵوێستە پاڵپشتییەکانی بەرامبەر عێراق و بەردەوامی هاوسۆزی لەگەڵ عێراقییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەبیر دەهێنینەوە".

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: کۆچکردوو نموونەیەکی گەورەی مرۆڤدۆستی بووە و کاریکرد بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆحی لێبووردەیی و بەهاکانی خۆشەویستی.